www.kurdistannet.org
21-2-2007 20:47 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سلێمانی دەبێتە پایتەختی رۆشنبیری یان بەرلین؟ ... رۆژنامەنووسان لەیادی ئەمساڵی رۆژنامەگەریی ناڕازین

رۆژنامەنووسانی کوردستان لەبارەی یادی ئەمساڵی رۆژنامەنووسیی کوردی ناڕازین کە بۆ چەندین جارە لەلایەن دەزگای بەدرخانەوە بەڕێوە ئەچێت.

یەکێك لەو خاڵانەی ئاماژەی بۆ ئەکرێت ئەوەیە، کە یادی ئەمساڵ بەبێ هیچ هۆکارێ دەبرێتە وڵاتی ئەڵمانیاو لەلایەن حکومەتی هەرێمیشەوە سەد هەزار دۆلاری بۆ سەرف کراوە، لەکاتێکا کەس نازانێت ئەم پارەیە چۆن و لەچی و لەلایەن کێوە خەرج ئەکرێت.

بەگوێرەی زانیارییەکان، ئەمساڵ سەرنووسەرانی زۆر رۆژنامەی کوردی بەتایبەتی رۆژنامە ئەهلییەکان ئامادە نین بەشداریی ئەم یادە بکەن، لەبەر ئەوەی پێیان وایە یادی رۆژنامەگەریی لەلایەن دەزگای بەدرخان قۆرخ کراوەو هیچ ئەرزشێك بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسان و ناوەندە رۆشنبیرییەکانی تر دانەنراوە! جگە لەوەی کە پێویست بوو یادی ئەمساڵ لەسلێمانی بکرێتەوە کە لەهەموو لایەکەوە هەست بە پشتگوێ خستنی ئەکرێت. یاخود لەهەولێر کە پایتەختی کوردستانە.

---

کۆمەڵێك رۆژنامەنووسی بەویژدان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.